



# شوناسی ونبوو لە گەشتێکی شیعریدا

بەرزان عەلی مەجید
(سەید سادق)

**(کێڵگەی بەتاڵ وەک ناوونیشان)**

(کێڵگەی بەتاڵ) ناوونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی (سروشت نەوزاد)ە. ئەم کتێبە لە بیست و هەشت دەقی واڵای کورت و قەسیدەی درێژ پێک دێت. کتێبەکە براوەی خەڵاتی شیعریی (دەزگای نووسیار)ە بۆ ساڵی (٢٠٢١).

نووسینی ناوونیشانی کێڵگەی بەتاڵ بە ڕەنگی ڕەش، لەسەر بەرگی کتێبەکە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ نائومێدی و پووچگەرایی. نووسینی ناوی شاعیر بە ڕەنگی سوور، هێما و ئاماژەی فرەی تێدان بۆ پیشاندانی دەنگێک، کە دەکرێت دەنگێکی شۆڕشگێڕ و یاخی بێت، هەم بە ئاڕاستەی هەڵوەشانەوە و دەستکاریکردنی نەریتی شیعری کوردی و مانا و ئاڕاستەکانی، هەمیش دەکرێت دەنگێکی ناڕازی بێت لە بەرانبەر ڕۆحی پڕ لە توندوتیژی ژیاریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و ئەو دنیا کوردییەی کە تێیدا دەژی، هەروەها ژیانێکی زاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرە شیعر، کە لە چەندان ئاستدا سروشت و ئەخلاقیاتی مرۆیی خۆی فڕێ داوە. ئەم دەنگە بە ڕەنگی سوورەوە دەردەپەڕێت. لە هەمان کاتدا ڕەنگی سوور هێمایە بۆ خوێن و کوشتن.

گوڵەگەنمەکان بە ڕەنگی سپی، مانایەکی سوریالییان پێ دراوە، لە بری ئەوەی بە شێوەی سروشتی خۆیان لە خاکەوە هەڵتۆقیبن، هەڵگەڕاوە دەردەکەون و شۆڕبوونەتەوە نێو هەورەکان. هەورەکانیش بە شێوەی سروشتی خۆیان تەڵخ و تەمومژاوی دەردەکەون. لە بەشی سەرەوەی کتێبەکەدا و لە نێو بازنەیەکی سەوزدا، بە ڕەنگی سپی نووسراوە شیعر، وەک ئەوەی شیعر ئەو دنیا بێگەردە بێت کە دەتوانێت دەروونی مرۆڤ سەوز و

پڕ لە ژیان بکات. ڕەنگی سپی لێرەدا لە ڕووی دەروونناسی ڕەنگەکانەوە، هیچ ئاماژەیەکی پێ نەدراوە، ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە ڕەنگی سپی لەوە گەورەتر و پڕتره کە بشێت هەڵگری یەک خوێندنەوەی دەروونناسانە بێت و لەو خوێندنەوەیەدا قەتیس بکرێت. بە گشتی بەرگ و دیزاینی ئەم کتێبە شیعرییە لە ڕەوتی ئاسایی لایان داوە و شتەکان تێیدا بەرەواژ دەردەکەون، تا بتوانن هەڵگری مانای شیعریی نێو کتێبەکە بن.

کێڵگەی بەتاڵ، ناوونیشانێکی نامۆیە، خێرا خوێنەر پەلکێشی خۆی دەکات، چونکە شیعرییەت و هێز و قورساییەک لە نێو ئەو ناوونیشانەدا هەیە، کە وا دەکات وەک ناوونیشانێکی ڕوون، لە هەمان کاتیشدا ناڕوون دەربکەوێت و هەڵگری پارادۆکس بێت. لەم ڕوانگەیەوە کێڵگەی بەتاڵ چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئایدیا و ئەم بیرۆکە شیعرییانەی لەم کتێبەدا بوونیان هەیە، واتە ئەم ناوونیشانە ڕاستەوخۆ دەرهاویشتەی شیعرەکانە و لەوانەوە هاتووەتە دەرەوە.

کێڵگەی بەتاڵ، کێڵگەی ژیان و دەرکەوتەکانی ناویەتی، بە گشتی کێڵگەی پرسیار و ڕامانە لە شوناس و ناسنامەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە وێنەیەکی گەورەتردا و لە هەمان کاتدا مرۆڤ و تاکی کورد لە وێنەیەکی تایبەتیدا. لەم ڕووەوە مرۆڤی کورد لەم کۆمەڵە شیعرەدا لە ڕووی سیاسی و نەتەوەیییەوە مرۆڤێکی بێ شوناسە، ناسنامەی ڕوون نییە و تاکێکی داگیرکراوە، هەروەها خاک و زمانی گەمارۆ دراوە.

کێڵگەی بەتاڵ، کێڵگەی شیعرگەلێکە خوێنەر بە ئاڕاستەیەکی دیکەی زمانی و ماناییدا دەبات. ئەو ئاڕاستەیە و ئەو زمانەش جیاوازە لەوەی ئێمە خوومان پێوە گرتووە کە وەک حەقیقەتی ڕەها دەردەکەون، ئەوەش لەمیانەی زمانێکی هێمایی و میتافۆری فرەڕەهەندەوە بەرجەستە دەبێت کە لە ڕۆڵی تاک سەنتەری مانایی کەم دەکاتەوە و پانتایی و ئاڕاستە ماناییەکان فراوان دەکات.

هەروەک ئەوەی خودی نووسەری ئەم کۆمەڵە شیعرە، لە دیدارێکماندا لەگەڵی، لە بارەی دیدی شوناسسازییانەی نێو کتێبەکەوە ئاماژەی پێ دا و گوتی:

«پێم وایە کێڵگەی بەتاڵ بەر لە هەر شتێک پرسیار و تێڕامان بێت لە شوناس، شوناس لەم کتێبەدا ڕوخسارێکی ناسراو و ئاشکرای نییە. خودێک لەوێدا کە زۆر جار خودێکی فرە دەلالەتە و ئاماژەی شتەکان و خاک و نەتەوە و زمانە، خودێکی داگیرکراو و ون و بێ شوناسە. لە بەرانبەر ئەمەدا ئەو خودە زۆرجار لە هەوڵدایە بۆ گێڕانەوەی شوناسێکی شیعری ڕاستەقینە و سروشتی بۆ شتەکان و دیاردەکانی دەوروبەری، واتە سەرلەنوێ گێڕانەوەی مانایەکی تایبەتی بۆ ئەو شتانە.

کێڵگەی بەتاڵ، هەندێک جار دەبێتە کێڵگەی بوون، کێڵگەی ژیانی نوێ، شار و دامەزراوە و دەرکەوتەکانی ناوی، کێڵگەی مرۆڤ و زمانەکەی. بەگشتیش بوون لەوێدا، بوونێکی ڕەسەن نییە، بەڵکوو بوونێکی دەستبەسەردا گیراوە.»

لە چەندان دەقی ئەم کۆمەڵە شیعرەدا، بەر زمانێکی یاخی و ڕەق و توندوتیژی دژ بە خۆی دەکەوین، کە دەتوانێت دەرخەری درز و کەلێنەکانی مرۆڤی کوردیی و ژیانە سارد و لێکترازاوەکەی بێت، ئەو ژیانەی تەنگژە و نا ئارامی دەروونیی و تەنگژەی ڕۆحیی تەنگیان

پێ هەڵچنیوە.

لە ئاستێکی دیکەیشدا کێڵگەی بەتاڵ دەبێتە ڕەخنە و دەرخەری شوناسی شیعری کوردی، لەم حاڵەتەدا تەکنیکی شیعر لە بارەی شیعرەوە دێتە ناوەوە. شیعرگەلێک کە لە بارەی شیعرگەلێکەوە دەدوێن، ئەو لێدوانەش لێدوانێکی ڕەخنەییە، لەبارەی ئەو شیعرانەی کە خەسڵەتی شۆیان هەیە و کاتی و زەمەن نەبڕن، تەنیا لە ئاستێکی تەنک پێک دێن و ژیر و دەستەمۆن، هەمان ئەو مانایانە دەدەنەوە کە لای هەمووان ڕوونن، واتە هەڵگری دید و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان نین و درێژکراوەی ئەوانی دیکەن، نایانەوێت بە دووی بنیادێکی زمانیی تایبەتی، بنیادێکی دیکەی فیکریی و ئیستێتیکیدا بگەڕێن.

ئەم ڕەخنە شیعرییەش لەم کۆمەڵە شیعرەدا لە هەندێک شوێن درێژ دەبێتەوە و دەڕواتە نێو ئاستی سیاسی و هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە، واتە لێرەدا بنیادی ڕەخنەیی کێڵگەی بەتاڵ بەڕووی ئەو دنیایەدا دەوەستێتەوە کە دژە هۆشیارییە و دژە شیعرییە، لێرەدا کێڵگەی بەتاڵ دەبێتە کێڵگەی ئەو دنیایەی کە دەرە شیعرە، بەبێ شیعر و ڕوانینی شیعری، دنیای خۆی دروست دەکات، بێگومان ئەو دنیایەش دنیای کوردییە، هەر بۆیە لە تێڕوانینی (کێڵگەی بەتاڵ)دا، بەشێکی گەورەی تەنگژەی ڕۆحی، ئەخلاقی، مرۆیی ژیانی ئەمڕۆی ئێمە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دوورە لە شیعر.

کێڵگەی بەتاڵ، وەک زمانی شیعریی، یان وێنەی شیعری، هەندێک جار ڕەخنە و پرسیارسازییە لە خودی کایەی شیعری و هونەرەکانی، چونکە بەو پێیەی لە چەندان شیعری نێو ئەم کتێبەدا شیعر لە بارەی شیعرەوە دەبینین، کەواتە لەو شیعرانەدا دەبینین شاعیر هەر بە هۆی شیعر و وێنەی شیعرییەوە، ڕەخنە و پرسیار لە خودی پانتایی شیعرێک دەسازێنێت کە سنوورەکانی خۆی بەرتەسک دەکاتەوە و لە ئاماژەی زمانیی و وێنای قووڵ و چڕ و فرە مانا خاڵی دەبێتەوە، چونکە لە دیدی هەندێک شیعری نێو ئەم کۆمەڵە شیعرەوە، شیعری کوردییش تا ئەندازەیەک وەک زۆر لە کایەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤی کورد و ناسنامەکەی، لە سەر ئاستی ئەدەبیاتی دنیادا بێ ناسنامەیە.

لەم ڕوانگەیەوە بوونی شیعری کوردی لەسەر ئاستی تێڕوانینی شاعیردا، بوونێکی جیهانی نییە، بەڵکوو بوونە لەسەر ئاستێکی بچووکی لۆکاڵی، چونکە بەشێک لە شیعری کوردی لەو ئاستە فراوانەدا بەگەڕ نەخراوە بۆ گوزارشت کردن لە خۆی و دنیاکەی بەشوێن زمانێکی نوێی گەردوونیدا بگەڕێت.

لای سروشت نەوزاد پشت تێکردنی دنیای ئەمڕۆ لە شیعر، بووەتە هۆکارێک پانتایی نائارامییەکانی مرۆڤ بەرینتر ببێت، چونکە شاعیر پێی وایە ژیان بەبێ شیعر، ژیانێکە ئیمکانی گەورەتری لە بەردەستدایە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە سنوورەکانی توندوتیژی. لەم ڕوانگەیەوە شیعر دەبێتە پانتاییەک بۆ ژیان و مرۆڤدۆستی. کاتێک مرۆڤ لە شیعر دوور دەکەوێتەوە، پانتاییەکانی تەنگژەی ئەخلاقی و مرۆیی بەرینتر دەبێت، کاتێک ژیان دەبێتە ژیانێکی بەتاڵ لە شیعر و بە بێ شیعر ئەخلاقیاتی خۆی دروست دەکات، دنیایەکی ترسناک وەک دنیای ئەمڕۆی لێ دێتە بەرهەم.

کێڵگەی بەتاڵ، نیگایەکی ڕەشبینانە دەربارەی تاریکی و ژیانی دووبارە و پڕ لە توندوتیژی و دوالیزمیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگەی

کوردی پێشکەش دەکات، ئەو ژیانەی پتر هەڵگری خەسڵەتی سیاسییە و خاڵی لە خەسڵەتی شۆڕشگێڕییە. ئازادی پێکەوە ژیان لەوێدا ئیمکانێکی دوورە، کۆنترۆڵکردن و هێزی چاودێری پێگەیەکی گەورەیان هەیە، ژیان هێزی جوانی و ئیستێتیکی خۆی لە دەست داوە.

کێڵگەی بەتاڵ، ئەگەرچی لە ئاستی زمانیی و ماناییدا کێڵگەیەکی سەوزە، بەڵام لە ئاستی نواندنەوەی دەرکەوتە ژیارییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا، هیچ درەختێکی سەوزی نییە. لێرەوە لەوە دەگەین کە ئیدی گوزەرانی ژیان لەم کێڵگەیەدا جگە لە چنینەوەی ئازار و نائومیدی، هیچ ئاماژەیەکی دیکەی ژیانی تێدا نییە، ئەو نیگەرانی و نائومێدییانەش، بە زمانێکی هێمایی قووڵ، لەم کۆمەڵە شیعرەدا بەرجەستە دەبن.

پاش دەستنیشان کردنی بەشێک لە هێڵە گشتییە ماناییەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە، خوێندنەوەکەمان بۆ هەڵکۆڵین لەسەر یەکەمین شیعری ئەم کۆمەڵە شیعرە، بە ناوونیشانی (پۆرترێت) تەرخان دەکەین و هەوڵ دەدەین بەشێک لە تایبەتمەندییە شیعری و ماناییەکانی ئەم دەقە دەستنیشان بکەین:

## دەلالەت و مانا لە شیعری پۆرترێتدا

**پۆرترێت***

**پێ دەچێت وەرزەکە رووی لە سستی بێت، پاش ئەوەی ساڵەکە بە هێمنی و قەبارە زەبەلاحەکەیەوە درێژ دەکشێ و لەپشتی گەنجینەکەوە کاژەکەی خۆی فڕێ دەدات.**

**دەمەو عەسرێکی برین پەرستە، زێدنشینەکان بەهەر چوار لای دۆڵەکەدا،**

**ئەوانەی قەتیس لەو ڕووناکییەی کە خول دەخوات و پاشان پەرش دەبێتەوە،**

**نەبینراو وەک ئەوەی ژاوەژاوێک بن چەماوە بەسەر سەری خۆیانەوە.**

**لەوێ سیسرکەکان چەشنی تیر دەرچوو لە کەوانی تینوویان،**

**بە پرتاو لە گۆشەکانەوە دەردەپەڕن و بە ڕووناکییەکەدا هەڵدەگەڕێن.**

**بینراو، بە سەر و سیمای خۆیانەوە وێنای وەهمێک دەدروونەوە:**

**لەوێ چیرۆکەکان زار هەڵدێنن و فریودەرانە ئازادی خۆیان دەڵێنەوە،**

**دەیڵێنەوە،**

**دەیڵێنەوە، لەو ڕووناکییەی کە خول دەخوات و پاشان لە بەردەمی گەنجینەک پەرش دەبێت.**

**دوای پشوویەک و جێهێشتنی خەواڵوویی،**

**ڕۆژەکە لە گەشتەکەی دەگاتە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و تیشکی کەمتینی**

**بەسەر دۆڵە قەڵەوەکەدا هەڵدەواسێت. لەوێ دارستان ڕاوەستاوە بەو درەختە لەرزیوانەی پێکوتەکان لە لاقیاندا و زەرد دەچنەوە.**

**دوو ڕووبارەکەش مقەستئاسا سەوڵی دێرینیان دەهاژوون، نائارام بەو دەستانەی**

**زەنگەکەیان هەڵگرتووە، بەبێ زار بەرەو داهاتوو،**

**ڕووبەڕوو بەرەو سنوورێک کە دەگرێت و خۆی قاژ دەکات.**

**سنوور دەگەڕێ و درێژ دەکشێ: قاژێکی تر لەو ئاشووبەی باشوورییانە چاو هەڵدێنێ و**

**لە گوندەکە بە نێوانی دوو کێڵگەدا، پریشکهاوێژ ئاگرەکەی بەکێش دەکات.**

**ئیتر زەنگەکان**
**زەنگەکان و**
**دواتر زەنگە ترسناکەکان!**

**شەو لێرەیە**
**ئێرەیە شەو، کاتژمێری دڕاوی خەون، گۆرانی شکاوی شوێنکەوتووەکانی،**
**ئەو جووت لاقەی تاکەوتاک بەرەو پشتیان هەڵدەگەڕێن،**
**ئەو فیرعەونە ڕەشەی لێ دەگەڕێت چیاکە وا دابڕمێت، جار نا جارێک فریودەرانە**
**باوەشی خۆی دەکاتەوە و بە پلیکانەکەدا ڕووبەڕوومان دێتەوە خوار.**
**لێرە ناڵەی منداڵێک جار نا جار لەسەر قەرەوێڵەی مۆنی نەخۆشخانەکەدا دادەنیشێت.**
**پاشان لە ناکاو بەدەم گرمەگرمی ئەو هەورانەی تەوژم دەدەن**
**ئاسمانەکەش دەکەوێتە خوار، بەو ئەستێرانەی کە دەکۆکن و**
**پتر لە قەبارەی خۆیان ڕووناکییەکانیان ڕفێنراون.**

**دیسان ئەمە پۆرترێتی منە، کەسێک کە غەمگینانە دەدوێت، کێڵگەیەکی تەواو نەکراو،**
**ئەو دەرگایەی بۆ پاشەوەی لەسەر پشتە، یاخود کەشتییەکی بچووک کە دەخزێتە نێو پەرداخ و هەر لەوێدا لەنگەر دەگرێت.**
**یانیش وەرزی دڵۆپەکردوو بەو تەمانەی خۆیان بە دەلاقەکەیدا دەسوون...**

شیعری پۆرترێت، وێنەکێشانێکە، فۆتۆگرتنێکە، تابلۆیەک دەکێشێت، واتە پۆرترێت بێ هیچ گومانێک بریتییە لە هونەری وێنەکێشان. ئەم شیعرە نووسینەوەی ئێستای شاعیر و دنیاکەیەتی، شیعرێکی سیاسی نییە، ئەگەرچی ڕەهەندی سیاسی تێدایە. بەو پێیەی خاک و نەتەوەی ئەم شیعرە کۆلۆنیال کراوە، دەستبەسەرە لە لایەن ئەوی دیکەی داگیرکەرەوە. لە هەمان کاتدا بەرانبەر بەمەش، پۆرترێت ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی - کوردییە- لە ناو خودی خۆیدا، کە تەنگژەی مرۆیی، شوناس، زمان و داهێنانی هەیە و دیدێکی پووچگەرایانەیە دەربارەی ئەو ژیانە ناڕەسەنەی لە بوون داماڵدراوە و فاکتەرەکانیشی ڕوونن، هەر بۆیە هێندەی دیدێکی ڕەخنەییە لە بارەی خۆیەوە، هێندەش بەدوای ئازادی و دەرچوونەوەیە لەوی دیکە، واتە لە هەردوو باردا ئەم شیعرە بە دووی شوناس و بوونی خۆیدا دەگەڕێت.

وەک وتمان، ئەم شیعرە ڕامان و پرسیارە لە شوناس و پێکهاتە مێژوویی، ژیاری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردیی بە تایبەتی. پۆرترێت پۆرترێتی مرۆڤی کوردیی، خاک و زمان و کولتوورەکەیەتی، پۆرترێتی ژیانی ئەم کۆمەڵگە و مێژوویەتی، پۆرترێتی خەونی کوردیی و گەمارۆدان و لەدەستدانی ئێستایەتی لە بەردەم باڵادەستبوونی کولتووریی سیاسیانە و جیهانگیری و جێنشینبوونی تەکنۆلۆژیا، کاڵای نوێ، هەروەها لێکەوتەکانی ئەم شتانە لەسەر تاک و ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیی.

**پێدەچێت وەرزەکە ڕووی لە سستی بێت، پاش ئەوەی ساڵەکە بە هێمنی و قەبارە زەبەللاحەکەیەوە درێژ دەکشێ و لەپشتی گەنجینەکەوە کاژەکەی خۆی فڕێ دەدات.**

شاعیر بە وەرز دەست پێ دەکات، وەک ئاماژەیەکی

ڕەها بۆ بوونی کات، دەستپێکی شیعرەکە ئاماژەی خاوبوونەوەی کات و هەستی لەدەستدانی کاتە، لێرەدا بوونێک، یان خودێک شتەکانی، لە بەردەم هەڕەشەی داگیرکردنندان. ڕەنگە ئەم بوونە لە یەکەم وێنەیدا، خاکی کوردان و زمان و ئەو گەنجینانەیان، یان ئەو کەرەستە خاوانەی ژێر زەوییەکەیان بن کە هەمیشە و بە درێژایی مێژوو، بە ئێستایشەوە، هۆکارێک بوون بۆ تەماعکاری و پەلکێشی و داگیرکارییەکانی ئەوانی دیکە بۆ سەریان. لێرەدا و بە هۆی ئەم دەستدرێژییە بەردەوامانەی ئەوانی دیکە بۆ سەر ژیان و ژینگەی ئەم وڵاتە، وای کردووە ئاستی گەشەی ژیانی لەم وڵاتەدا خاو ببێتەوە.

وەرز لێرەدا کە پێدەچێت میتافۆڕێک بێت بۆ کات سووڕانەوەی زەوی، وەرزێکی سستە، واتە کات لێرەدا کاتێکی کوردانەیە، ئەم کاتە لە پاشەکشەدایە، واتە وەرزی کوردان و نەتەوەی کوردان، میکانیزمی سروشتی خۆی لە دەست داوە و هێزی خاوی و سستی هەڵگرتووە. (پاش ئەوەی ساڵەکە) ساڵیش لێرەدا هەر هەمان ئاماژەی کاتی هەڵگرتووە، بەڵام بە پێچەوانەی وەرز، ساڵ درێژترە، ئەگەر وەرز وەک ئەوەی وتمان وەرزێکی کوردانە بێت، کە هەڵگری سستی و خاوییە و درەنگ ڕادەگات بەوەی خۆی بنیادبنێت (بنیادنانێکی نەتەوەییانەی کوردانە)، ئەوە (ساڵ) بە پێچەوانەوە ساڵێکی داگیرکەرانەیە و پەیوەستە بەوی دیکەی داگیرکەرەوە. وەک دەبینین شاعیر لێرەدا شوبهاندنی بەکار هێناوە و (ساڵ)ی بە مارێکی درێژ شوبهاندووە، کە لە پشت گەنجینەی کوردانەوە دەبینرێت و بۆ ئەو گەنجینەیە درێژ دەکشێت، لە پشتی ئەو گەنجینەیەوە کاژەکەی خۆی فڕێ دەدات و خۆی نوێ دەکاتەوە.

لێرەدا دەکرێت بگوترێت ئەمە سەرەتا و مێژووی دروستبوون و بەردەوامبوونی نەتەوە، زمان و خاکی کوردانە، ناسنامەیەکە کە ئەوی دیکە پێی دەبەخشێت و لەژێر چەتری ئەو ناسنامەیەدا کاتەکانی خۆی تێدەپەڕێنێت، ناسنامەیەک لە داگیرکەرەوە بۆ داگیرکراو، پاشان دیدە ڕەخنەییەکەی شاعیر لە دێڕەکانی دواتردا، ڕووەو ناوەوەی خۆی بەرجەستە دەبێت، ناوەوەی خۆی وەک کۆمەڵگە، زمان و شێوازی خۆبەڕێوەبردن و ژیانی ناوەکی خۆی.

کات لێرەشدا ئاڕاستەیەکی نێگەتیڤی هەیە و ڕوو لە ئاوابوونە، چونکە نوقمی برینە: (دەمەو عەسرێکی برین پەرستە)، عەسر لێرەدا ئەڵقەی پێوەندی نێوان ڕۆژ و شەوە تا ساتەوەختی گەیشتن بە تاریکی و دەرکەوتنی دڵەڕاوکێ و ترس، بێگومان ئەم کاتە میتافۆڕی بوونی کوردانە کە بوونێکە لە دڵەڕاوکێ و نادیاریی لە جەستەی مرۆڤی نێو چوار دۆڵەکەدا. لێرەدا (دۆڵ) بە خاکی کوردان شوبهێنراوە، هەر چوار لای دۆڵەکەش ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ چوار پارچەی کوردستان، دانیشتوانی ئەم دۆڵە، دوورەدەست و تاریکنشینن، چونکە ئەو شتەی پێویستە هەیانبێت تا ببێتە فاکتەری دەرکەوتن و بینراوییان، نیانە، واتە نادیاریی بوونی کوردان لێرەدا بە شتێکی گەورە لە چەشنی داهێنان گرێ دراوە، واتە ئەگەر داهێنان سەرچاوەی بوونێکی ڕەسەن و بە دیارکەوتنی ئەو بوونە، ئەو کولتوورە بێت، ئەوە بوون و کولتووری کوردان لەم دەقەدا ئەو شتەیە کە نییە و نادیارە، چونکە ڕەگەزی داهێنان و بەرهەمهێنان تێیدا لاوازە، هەر بۆیە ئەو بوونە و دەنگی ئەو بوونە، جگە لە (ژاوەژاوێک بن چەماوە بەسەر سەری خۆیانەوە) شتێکی دیکە نییە:

**دەمەو عەسرێکی برین پەرستە، زێدنشینەکان**
**بەهەر چوار لای دۆڵەکەدا،**
**ئەوانەی قەتیس لەو ڕووناکییەی کە خول**
**دەخوات و پاشان پەرش دەبێتەوە،**
**نەبینراو وەک ئەوەی ژاوەژاوێک بن چەماوە**
**بەسەر سەری خۆیانەوە.**

ئەمە چیرۆکی کوردانە، لەسەرێکەوە خۆیان هۆکار و داهێنەری نادیاریی بوونی خۆیانن، لەسەرێکیشەوە بەهۆی لاوازیی جەستەی ئەم بوونە و دۆخی لێک هەڵوەشاوەیی و نا یەکڕیزی تاکەکانی ئەم خاکەوە، کە هیچ میکانیزمێکی گرنگی وایان بۆ پەرەپێدان و داهێنانگەلێک نییە تا ئەوی دیکە ناچار بکات بە گرنگییەوە لێی بڕوانێت، لە چاوی ئەوی دیکەوە بینراو نین، داگیرکاری و دەستتێوەردانەکانی ئەوی دیکەی داگیرکاریش سەرچاوەی لاواز کردن و نادیاربوونی بوونی کوردانن.

بێگومان دیارە خاکی داگیرکراو و زمانی داگیرکراو، بەهۆی بەرتەسکبوونەوەی سنووری ئازادییەکانی، کەمتر دەتوانێت لە نێو واقیعێکدا بژی کە بیر لە گەشەسەندن و داهێنانی خۆی بکاتەوە، هەمیشە لە دۆخی داگیرکردندا، ئەو وێنەیەی کە زەق دەبێتەوە و زاڵ دەڕوانێت، وێنەی ئەوی دیکەیە لە بری وێنەی ڕاستەقینەی جێنشینی ئەسڵی:

**لەوێ سیسرکەکان چەشنی تیر دەرچوو لە**
**کەوانی تینوویان،**
**بە پرتاو لە گۆشەکانەوە دەردەپەڕن و بە**
**ڕووناکییەکەدا هەڵدەگەڕێن.**
**بینراو، بەسەر و سیمای خۆیانەوە وێنای**
**وەهمێک دەدروونەوە:**
**لەوێ چیرۆکەکان زار هەڵدێنن و فریودەرانە**
**ئازادی خۆیان دەڵێنەوە،**
**دەیڵێنەوە،**
**دەیڵێنەوە، لەو ڕووناکییەی کە خول دەخوات**
**و پاشان لە بەردەمی گەنجینەک پەرش دەبێت.**

لێرەدا وێنای داگیرکەر بە سیسرک شوبهێنراوە، سیسرک گیاندارێکە بە شەو دەردەکەوێت، ژیانی لە ناوچەی تاریک و پیس و شێداردایە، ئەو داگیرکەرە، یان ئەو سیسرکە هێندە بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەوی دیکە تینووە، وەک تیر بە خێرایی لە کەوانەوە دەردەچێ، ئامانجی ئەمان پارێزگاریکردن نییە لەوی دەست بەسەرداگیراو، بەڵکوو داگیرکەر کاتێک دێت کە ڕووناکییەک، یان گەنجینەیەکی بەنرخی لێوە دیار بێت و لە ژێر دەیان دروشمی فریودەرانەدا دێت. چیرۆکێک دروست دەکات وەک ئەوەی وای دەربخات چیرۆکی ئازادیی بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو چیرۆکە، چیرۆکی دەستدرێژییە.

**دوای پشوویەک و جێهێشتنی خەواڵوویی،**
**ڕۆژەکە لە گەشتەکەی دەگاتە ناوەڕاستی**
**ڕۆژهەڵات و تیشکی کەمتینی**
**بەسەر دۆڵە قەڵەوەکەدا هەڵدەواسێت.**
**لەوێ دارستان ڕاوەستاوە بەو درەختە لەرزیوانەی**
**پێکوتەکان لە لاقیاندا و زەرد دەچنەوە.**
**دوو ڕووبارەکەش مقەستئاسا سەوڵی دێرینیان**
**دەهاژوون، نائارام بەو دەستانەی**
**زەنگەکەیان هەڵگرتووە، بەبێ زار بەرەو داهاتوو،**
**ڕووبەڕوو بەرەو سنوورێک کە دەگرێت و خۆی**
**قاژ دەکات.**
**سنوور دەگەڕێ و درێژ دەکشێ: قاژێکی تر**
**لەو ئاشووبەی باشوورییانە چاو هەڵدێنێ و**
**لە گوندەکە بە نێوانی دوو کێڵگەدا، پریشکهاوێژ**
**ئاگرەکەی بەکێش دەکات.**

لێرەدا گێڕانەوەی چیرۆکی کوردان، لە وێنەیەکی

تایبەتییەوە درێژ دەبێتەوە و دەگۆڕێت بۆ وێنەیەکی گشتی چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێویشیاندا چیرۆکی گەلی عێراقی: (تیشکی کەمتینی بەسەر دۆڵە قەڵەوەکەدا هەڵدەواسێت)، تا واقیعی بوونی کوردان هاوشێوە بە واقیعێکی گەورەتر بکات کە واقیعی عێراقیی: (دۆڵی قەڵەو)ـە.

بە گشتی لێرەدا کۆمەڵگەی عێراقی بە دارستان شوبهێنراوە کە درەختەکانی ئەم دارستانە هەڵگری ڤایرۆسن و پێکوتە لە لاقیاندایە و زەرد دەچنەوە، پێکوتە و زەردچوونەوە، هێمای نەخۆشی و دەرد و ئازارە. وەک وتمان لێرەدا فۆکسی شیعری و جووڵە و ئاراستەی ڕەخنەی شیعری، لە شەنووکەوکردنی واقیعی کۆمەڵگەی کوردییەوە بەرەو وێناکردنی واقیعی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی- عێراقی دەپەڕێتەوە.

ئاراستەگۆڕین لەم شیعرەدا یارییەکی تەکنیکی زمانییە و پتر بۆ مەبەستی فرەدەنگکردنی شیعرەکەیە. گەشتی کات لێرەدا تا دەگاتە (دۆڵە قەڵەوەکە) درێژ دەبێتەوە. دیارە ئاماژەی (دۆڵی قەڵەو) زیاتر ئاماژەیەکی تەنزیی و ئایرۆنییە. وردەکاری و وەسفی زۆر لەم بەشەی شیعرەکەدا نابینرێت، ئاماژە شیعرییەکانی ژیان سەبارەت بەم کۆمەڵگەیە، لەم بەشەدا پتر هێماییین و بە هێڵی کاڵ بەرجەستە کراون. ڕاگوزەرانە دێڕەکان وەک کامێرایەک فلاش لێ دەدەن و وێنەی خێرای واقیعێکی گشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دەگرن. لێرەدا ئەوەی گرنگ بێت، ڕۆژهەلات بە دارستان شوبهێنراوە، دارستانیش بە نەخۆشخانەیەک کە درەختەکانی (تاکەکانی) پێکوتە لە لاقیاندایە و نەخۆش و زەرد هەڵگەڕاون. لە نێو ئەم وێنە گشتییەشدا وێنەیەکی بچووکتری کۆمەڵگەی عەرەبی - عێراقیمان هەیە، کە بە ئاماژەی (دوو ڕووبارەکە): وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، گوزارشتی لێ کراوە، وڵاتی نێوان دوو ڕووبار لەم شیعرەدا وەک مقەستێک وێنا کراوە کە هەناو و ناوەوەی خۆی دەبڕێت و قاژ دەکات. بە دەستەکانیشی هەمیشە زەنگی مەترسی بۆ ژیانی ناوەکی خۆی لێ دەدات. وڵاتێک کە وەک بورکانێک لە ناوەوەی خۆی دەکوڵێت. وڵاتێک هاوشێوەی وڵاتی کوردان، زاری نییە، بەرهەم و داهێنانی نییە. بەهەمان شێوە ئەمیش لە چاوی ئەوی دیکەدا بینراو نییە، وڵاتێک سەرەڕای ئەوەش، هەمیشە بە ڕۆحە توندوتیژەکەیدا دەناسرێتەوە.

**سنوور دەگەڕێ و درێژ دەکشێ: قاژێکی تر لەو**
**ئاشووبەی باشوورییانە چاو هەڵدێنێ و**
**لە گوندەکە بە نێوانی دوو کێڵگەدا، پریشکهاوێژ**
**ئاگرەکەی بەکێش دەکات.**

دیسان لێرەدا ئاراستەی شیعریی دەگۆڕێت و فۆکس دەگەڕێتەوە سەر دنیای کۆمەڵگەی کوردی، وێنەکەش وردتر دەبێتەوە و دێتە سەر ئەو بەشەی پێی دەڵێین: باشووری کوردستان. لێرەدا ئەم بەشە خاکە و ئەم سنوورە، بە قاژێک لە ئاشووب وێنا کراوە، ئاگرەکەی هەمیشە دەگرێت و لەگەڵ خۆی بۆ سووتانی خۆی و ئەو دوو زۆنەی کە لە نێوان دوو کێڵگەدایە بەکێشی دەکات.

ئاگر لێرەدا هێمای توندوتیژی و خۆ لە ناوبردن و ماڵوێرانییە.

**ئیتر زەنگەکان**
**زەنگەکان و**
**دواتر زەنگە ترسناکەکان!**

**شەو لێرەیە**
**ئێرەیە شەو، کاتژمێری دڕاوی خەون، گۆرانی شکاوی شوێنکەوتووەکانی،**

**ئەو جووت لاقەی تاکەوتاک بەرەو پشتیان هەڵدەگەڕێن،**

**ئەو فیرعەونە ڕەشەی لێ دەگەڕێت چیاکە وا دابڕمێت، جار نا جارێک فریودەرانە**

**باوەشی خۆی دەکاتەوە و بە پلیکانەکەدا ڕووبەڕوومان دێتەوە خوار.**

لەم بەشەدا کاتی شیعرەکە گەیشتووە بە تاریکترین سنووری خۆی کە شەوە. شەو میتافۆڕی تاریکییە، ڕووناکی دەمەو عەسری سەرەتای شیعرەکە، لەم بەشەدا دەگاتە شەو، لێرە بەدوا شیعرەکە زەنگی مەترسی لێ دەدات، ئەگەرچی شەو هەندێک جار میتافۆڕی بێدەنگی و ئارامی و خەونە، بەڵام لەم بەشەی شیعری پۆرتریتدا، شەو پانتاییەکە بۆ سڕینەوەی ئارامییەکان و سووڕانەوەی میلی کاتژمێر بەرەو نائومێدی و ئازار، باڵ بەسەرداکێشانی تاریکی، دەرکەوتنی برین و ئازارەکانی مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی: (ئێرەیە شەو، کاتژمێری دڕاوی خەون). لە دۆخی متبوونی کات و چەقبەستنی سووڕی ژیان، خەونەکانیش پاشەکشە دەکەن، سووڕی گەشە لە بری ڕۆیشتن بە ئاڕاستەی پێشەوە و داهاتوو، بەرەو پاش دەبنەوە.

بەرپرسیارێتی ئەم هەرەسەش لە دیدی شاعیرەوە، لاوازی شێوازی خۆبەڕێوەبردنی دنیای کوردییە. لەسەرەتای شیعرەکەدا بینیمان داگیرکەر ئەوی دیکە بوو، دەستدرێژییەکانی ئەوی دیکە بوو بۆ سەر خاک و زمان گەشەی سروشتی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام لێرەدا ئاڕاستەی داگیرکەر ڕووی لە خۆیەتی، دەسەڵاتی کوردییە کە لە هەناوی خودی کۆمەڵگەی کوردییەوە سەر دەردەهێنێت، ئەم دووانەش: هەم خود و هەمیش ئەوی دیکە، پێکەوە تەنگژەی گەورەی شارستانی، مرۆیی، ئەخلاقی، لە هەناوی ئەم کۆمەڵگەیەدا دەخوڵقێنن. هیچ بوارێک بۆ ئەوە ناهێڵنەوە تاکەکانی بتوانن لەگەڵ خەونی خۆیی و جیهانی خۆیان تەبا بن، بۆیە دەبینین هەر لە دەسپێکی شیعرەکەوە تا کۆتایی کەشێکی نا ئارام، تۆقێنەر و ترسناک بەسەریدا زاڵە. هیچ ئاماژەیەکی شارستانی و ژیاری لە وێنە شیعرییەکاندا دەرناکەون. تەمێکی چڕ بەسەر یەک بە یەکی دێڕە شیعرییەکانەوە دەبینرێت، ئاماژەی نیگەرانی و نائومێدی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە زاڵترە. ئەوەی کە هەیە ئاڕاستەی کاتە لە ڕووناکییەکی کزی دەستپێک بەرەو تاریکی و شەو. سیاسەت لە دیدی ئەم شیعرەدا، باوەشێکی فریودەرانەی هەیە و لە سایەی ئەم ئامێزە فریودەرانەیەوە، کۆمەڵگەی کوردی جگە لە نەخۆشخانەیەکی گەورە کە دەنگی هیچ منداڵێکی تێدا نییە (منداڵ وەک میتافۆڕی پاکی و بێگەردییەکی سروشتی، کە دنیاکەی دەستی لێ نەدراوە و پیس نەکراوە:

**لێرە ناڵەی منداڵێک جار نا جار لەسەر قەرەوێڵەی مۆنی نەخۆشخانەکەدا دادەنیشێت.**

**پاشان لە ناکاو بەدەم گرمەگرمی ئەو هەورانەی تەوژم دەدەن**

**ئاسمانەکەش دەکەوێتە خوار، بەو ئەستێرانەی کە دەکۆکن و**

**پتر لە قەبارەی خۆیان ڕووناکییەکانیان ڕفێنراون.**

ئەم ئاسمانەش، ئاسمانی کۆمەڵگەی کوردییە، ئەستێرەکانی ئەم ئاسمانەش ئەوانەن کە نەخۆش کەوتوون، لە سایەی تەنگژەی دەسەڵاتی سیاسی و لاوازیی ئیدارییەوە، لە خێر و بێری ئەم خاکە بێبەشن، هیچ ژینگەیەکیان بۆ فەراهەم نەکراوە تا لە سایەیەوە بتوانن گەشە بکەن، دەنگ و داهێنان هەبێت و بەهەمدار بن،

تـا بەهـۆی ئـەم ئەسـتێرانەوە بوونـی کوردیـی ببێتـە بوونێکی بینـراو لـە چـاوی ئـەوی دیکـەوە.

**دیسـان ئەمـە پۆرترێتـی منـە، کەسـێک کـە غەمگینانـە دەدوێـت، کێڵگەیەکـی تـەواو نەکـراو،**

**ئـەو دەرگایـەی بـۆ پاشـەوەی لەسـەر پشـتە، یاخـود کەشـتییەکی بچـووک کـە دەخزێتـە نێـو پـەرداخ و هـەر لەوێـدا لەنگـەر دەگرێـت.**

**یانیـش وەرزی دڵۆپـە کـردوو بـەو تەمانـەی خۆیـان بـە دەلاقەکەیـدا دەسـوون...**

ئـەم شـیعرە پۆرترێتـی خـودی شـاعیرە کـە وێنەدانەوەیەکـی گشـتی ژیانـی دنیـای کوردییـە، کێڵگەیەکی ڕەشبینە، دەرگایەکـە لـە بـری ئـەوەی ڕووی لـە ژیـان و ئایینـدە و خـەون و خۆزگەی خۆی بێـت، ڕووی لـە پاشەکشـێدایە. خەونـی مرۆڤـی کـورد لێـرەدا لـە وێنەیەکـی نابـاو و سـوریالیدا، بـە کەشـتییەکی بچـووک شـوبهێنراوە کـە لـە بـری ئـەوەی لـە دەریـادا گەشـت بـکات، لـە پەرداخێـک ئـاودا لەنگـەری گرتـووە.

کۆتایـی ئـەم شـیعرە، پێچکردنەوەیەکـی تەکنیکی و یەکانگیرییەکـی شـیعرییە بـەرەو سـەرەتای شـیعرەکە، بـەوەی تۆنـی غەمگینـی سـەرەتای شـیعرەکە دەبێتـە هەمـان تۆنـی غەمگینـی کۆتایـی.

*** کێڵگـەی بەتـاڵ، سروشـت نـەوزاد، شـیعر، بـراوەی خەڵاتـی نووسـیار بـۆ کتێبـی یەکـەم، ٢٠٢١، وەشـانی نووسـیار، چاپـی یەکـەم، ٢٠٢١، لاپـەڕە ١١.**